کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
10-9-2007 1:52:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**ئیسلام و..تێگەیشتنە هەڵەکانی جلال رەئوف ئەمین !!      موحسین شوانی**

[لاَاِكْراهَ فِى الدينِ قَدْ تَبَيَنَ الرُشْدُ مِنَ الْغَيِ] 256البقرة

**بەهیچ جۆرێك زۆر كردن لەئاین دا نییە (بۆهاتنە ناوئیسلام ) چونكە بەڕاستی لەیەك جیابۆتەوە ڕێنموویی وشارەزایی لەگومڕایی وسەرلێشێواوی** .1 .[وَاِنْ كُنْتُمْ فِى رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنا عَلىَ عَبدِنا فَأْتوابِسورَةٍ مِن مِثْلِهِ وادعُوا شُهَدآكُمْ مِنْ دونِ اللهِ اِن كُنْتُمْ صادقين ] 23 البقرة **ئەگەر ئێوە لەگومان دان لەم (قورئانە )ی كەناردوومانەتەخوارەوە بۆبەندەی خۆمان (محمد ،صلى الله علیە وسلم )دە سووڕەتێك بێنن بەوێنەی ئەووبانگی هاوكارەكانتان بكەن لەڕەوان بێژان وشاعیران بێجگە لەخودا ئەگەر راست دەكەن** .2.

**ماوەیەكە لەماڵپەڕی كوردستان نێتدا چەندبابەتێك بەناوی (جلال رەئوف ئەمین ) بلاْودەكرێتەوە ،منیش وەك نەریتێكی خۆم زیاتر گرنگی بەوبابەتانە دەدەم كەڕەخنەیین ،بەتایبەتیش رەخنە گرتن لەئاین وئاینزاو ڕەوت وئیسلامی سیاسی ،لەئەنجامی ئەم نەریت وخووەش هەم بۆخۆم وهەم بۆ نووسەران ورەخنەگران وخوێنەرانیش رەنگە گفتوگۆوسوودوزانیاری ولێك تێگەیشتنێك بێتە ئاراوە ،ئەگەر ئەو توخمانە دوورلە توندڕەوی وزمانی زبڵ وپاشخانێكی تەسكی ئایدەلۆژی وحیزبی  بیروبۆچوونەكانیان بخەنە بەرچاوی خوێنەران ،بۆیە هەندێ جار وەلاّم نەدانەوە وبێ دەنگی لەهەندێ نووسەر سوودمەنترە ،چونكە پەرەگرافێكی نیازپاكی لەبابەتەكەیدا نمایش نەكردووە ،یاخود سەرجەم نووسینەكەی لەسەرگومان بونیان ناوە !**

**خوای گەورەش فەرموویەتی** :[وَما لَهُمْ بِهِ مِنْ عِلْمٍ اِنْ يَتَّبِعونَ اِلاَالظَنَّ وَاِنَّ الظَنَ لايُغْنِى مِنَ الْحَق شَيَئا ]28النجم .

**ئەوانە هیچ جۆرە زانس وزانیاریەكیان نییە ،بەڵكو هەرشوێنی گومانی بێ سەروبن دەكەون ،لەكاتێكدا كە گومان بەهیچ شێوەیەك جێگەی حەق وراستی ناگرێتەوە** .3.

**مەبەست لەم پێشەكیە كاك جلال نییە چونكە هێشتا دەرگای گفتوگۆی راستەقینەمان بۆیەك نەكردۆتەوە ،بەلاّم نووسەر ناونیشانێكی زل وقەبەوسەرنج راكێشی نووسیوە !لەناوەڕۆكیشدا پڕهەڵەوبێ زانیاری وجارجارەش بۆنی ڕقی بەئاشكرایی لێ دەكرێت !(ئەنفلۆنزای ئیسلام ...ترس راگری ئیسلامە )!!**

www.kurdistannet.org
10-9-2007 1:52:30بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

ئەم ناونیشانە بیٚ ناوەڕۆکە خویٚنەر تووشی شۆك دەكات !بەداخەوە كاك جلال لەم بابەتەی ئەنفلۆنزایە کۆمەڵێك ئایەتی بەهەڵە نووسیوەوهەربەهەڵەش راڤەی کردووە!هەرچەندە (حازم حسن سورچی ) وەڵامێکی تارادەیك پڕبەپێستی كاك جەلالی داوەتەوە وهەڵەکانی بۆراست کردۆتەوە ،بەڵام من بەكاك جەلال دەڵێم تۆكەزانیاریت دەربارەی زمانی عەرەبی نییە ،چۆن خۆت خستۆتە نێو دەریایی قورئانی پیرۆزەوە !؟چونکە قورئان جیاواز لەهەموو زمان وخوێندنەوەیەك زانستێکی تایبەتی خوێندنەوەوتێگەیشتنی خۆی هەیە ،تەنیا خوێندنەوەکەی (علم التجوید ) ی پێویستە جگە لەشێوازە جیاکانی تری خوێندنەوەوراڤەکردنی نەك غەیرە عەرەب ،بەلکوخودی عەرەبەکانیش تافێری ئەم زانستە نەبن بەهەڵە قورئان دەخوێننەوە ،ئەمە جگە لە ئەفراندنەکانی تری وەك (ئیعجازی عیلمی وتووبی ولوغەوی )هتد.خوای گەورەش بەرامبەر زمان پاراوی عەرەب وبەلاغەت پێی فەرموون ئەگەرگومان لەوقورئانەدەکەن ئێوەش تەنیا یەك سووڕەت بهێنن ! شایانی گووتنە ئەمە تەحەددای شاعیرە بەرزەکانی جاهیلیە وەك (ئومرەئولقەیس )کە شیعرەکانی لەرووی زمان وماناوبەلاغەتەوە هێندە گرنگ بوون ولەلایەن عەرەبەکانی قورەیش هێندەپیرۆزبوون بەدیواری کەعبەی پیرۆزەوە هەڵدەواسران ،بێگومان تائێستاش هونەری شیعروزمانی شیعری جاهیلی شارەزایانی ئەم بووارە پێیەوە سەرسامن !ئەمە نمونەیە نەك بەمانای پیرۆزی زمانی عەرەب وکەمکردنەوەی بەهای زمانەکانی تر بەڵام ئەوەی لەبواری زانستەکانی زمانەوە شارەزان ئەوان هەستی پێدەکەن وگەواهی ئیعجازی زمانی عەرەبی دەدەن چ جای قورئان ،ئەمە تەنیا لەرووی زامانەوە ئەگەر قوولتر بڕوانیینە قورئان وزانستەکانیتری ئەوە سەرسام دەبین بەڵام كاك جلال لەو هەزاران ئایەتانەی قورئانی پیرۆز یەخەی چەند ئایەتێکی گرتووەوبەهەڵە شیکردنەوەی دەکات وچەند پەرەگرافێکی سەیر سەیر ودەخاتە نێو نووسینەکانیەوە بۆئەوەی بابەتەکەی درێژ بکات ولەدووئەی فۆڕدا جێگەی بکاتەوە ووایپیشان بدات شارەزایی لەقورئانی پیرۆزهەیە !!

سەبارەت بەژاپۆنیەکانیش تەنیا دەڵێم ئاین وپەرستن تەنیا لەلای نووسەر ڕەنگە رێگری پێشکەوتن وتەکنەلۆژیا بێت ئەگەر نا باخۆی سەغلەت نەکات بەوژاپۆنیانەی باوەڕیان بەئیسلام هێناوە !ئەی دووسەد ملیۆن موسڵمانی ئەندەنووسیاو یاخود مالیزیا وچین وهیندستان وئەو کەسایەتیی وقەشە ومامۆستا وگەنج وژنی ئەورووپی چی لێدەکات کەرۆژانە دێنە نێوبازنەی ئیسلام ؟ بەلای كاك جلال وایە پەیرەوانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام چەند سەد کەسانێکن لەدکەناری دوورگەیەك دەژین ودوور لەئاوەدانی وپێشکەوتن وژیارو مێژوو دونیاوە !!ئەو بۆچوونانەی بەرێزیان نەك بۆئیسلام بەڵکورەنگە بۆسەدە تاریکەکانی ئەورووپاش ناشیٚ کەئاین کۆت وبەندی

تـاك وكۆمـەڵگا كردبـوو، چ جـای ملیارێـك وسـێ سـەد ملیـۆن موسـڵمان ؟ چ جـای 57 وولاٌت كەزۆرینـەیان دانیشـتوانیان موسـڵمانن ؟! بەهـەزاران دكتـۆرو مامۆسـتا وزاناوئەنـدازیارو شـاعیرو هونەرمەند وسەدان زانكۆو پەیمانگاو بگرە هەر لەخودی ئەورووپاش چەندان زانكۆوپەیمانگای تایبەت بە زانست وشەریعەتی ئەم ئاینە هەیە !!

بۆیە كاك جلال لەوەڵامی كاك حازم دا خۆی دزیتەوەوئەم جارەش ناونیشانێكی قەبەتری بۆ بابەتە سەرنج راكێش وسەرلێشێواویەكەی داناوە لەو هەموورەخنانە وسەرنجانەی كاك حازمدا تەنیا یەك نموونە باس دەكات ئەویش بسم لەهەندێ مەسحەف ئایەتەو لەهەندێكی ترنا ،زۆر بەداخەوە دوای خوێندنـەوەی بابەتـەكان دەركـەوت ئـەمیش نەزانانـە (بەمەبەسـت بـێ یـا بـێ مەبەسـت ) كەوتۆتـە نێوئەم زنجیرەیە ! بۆراستكردنەوەی بابەتەكەی پێشوشی عوزری گەورەتر لەقەباعەت !

دوای ئـەوەی نووسـەر دەزانـێ ئەمـە قورئـان وفەرموودەیـە وشـەرعە ئەمـە (1400) سـاڵ زیـاترە دەخوێندرێت وسەدان زاناو مەدرەسەو زانكۆوپەیمانگاومامۆستا ودكتۆری شارەزای خۆی هەیە نكـۆڵی كـردن لێ ی هـەروا ئاسـان نییـە دێـت پێوانـەی ئیسـلام بـە ئوسـامە بـن لادن وزەرقـاویی وسەركردەو شێخەكانی كەنداو دەكات ! ئەم ئیسلامە نەبە ئوسامەوزەرقاوی وسەدام وفەهد ونە بەتێگەیشـتنە هەڵـەكان ونووسـینەكانی سـلمان روشـدی ومـەریوان هەڵەبجـەیی وهاوشـێوەكانیان لەناوناچێت ولـەدڵ ودەروونـی باوەڕدارەكـانی زیـاتر گـۆش دەبێـت ،لەكۆتایدا دەڵـێم ئـەو ترسـەی تۆباسی دەكەیت تـەنیا ترسی بـێ باوەڕۆترسنۆكەدووڕووەكانە ئەگـەر نا ئیسلام خـۆی رزگـاركردن وئاشـتیوبەختـەوەری هتـد بەدوواوەیـە ، مـن دەپرسـم و خوێنـەران دەكەمـە گـەواهیـدەر كەسـێك ترسـنۆك بێـت چـۆن خـۆی دەتەقێنێتـەوە وكۆتـایی بـەژیانی خـۆی دەهێنێـت ،( بێگومـان بـەهیچ شـێوەیەك خۆتەقاندنـەوە مـەقبول نییـە ) بـەلاٌم ئەمـە نموونـەی نووسـەرە كـەخۆی باسـی كـردووە ونموونەی پێهێناوەتەوە

بەپێچەوانەی بووچوونەكانت هەر ئەو رۆژەی مرۆڤ ئاشنا دەبێت بەم ئاینە هەست بـەبوون ونرخـی خـۆی وژیـان وكۆمـەڵكا ونیشـتمان وخـاك ونەتـەوەو پـیرۆزی وئازایـەتی دەكـات وترسـی خـواش بەشێكە لـەباوەڕ ،پـەیڕەوانی ئـەم ئاینـەش تـەنیا لەترسان خـودا ناپەرسـتن ،بـەڵكو وەك (رابیعـەی عەدەوییە ) گووتەنی :تەنیا لەخۆشەویستی تۆدا تۆ دەپەرستم .

بۆكرنـۆش وچـەمانەوەش پێدەچـێت جـەنابتان پەرسـتن وسـووتەئاینیەكانی نـەك ئیسـلام بـەڵكو گاپەرستەكانیشت نـەبینیبێ كە كڕنۆش بۆ مشك وگاو بوزا وئبلیس وداروبـەرد دەبـەن ؟ئەی بۆ خودایێكی تاك وتەنیا وپەروەردگارودروستكراوی هەمووجیهان ؟

کاك جلال لەکۆتایی ئەیەویٚ هەڵەی زۆر زەق بداتە پاڵ ئیسلام موستەشاروجاش وئەنفال چی لەسەر ئیسلام بژمێریٚ !دووبارە ئەگەر شارەزایی لەقورئان وفەرموودەی پێغەمبەر (د.خ) هەبوایە ئەم قسەیەی نەدەکرد چونکە دەیان ئایەت وفەرموودە باس لەخیانەت ودوارۆژوسزای خائینەکان دەکات ،کوردستان نێتی ئازیزیش وەك خۆی گووتەنی بابەتی جنێوئامێز تەشهیر بلاۆناکاتەوە بەلاٚم من دەپرسم ئەم ناونیشان وبابەتە پڕڕق وهەلاٚنەی کاك جەلال بەشێکی زۆری تەشهیر کردن نییە بەئاین وپەیڕەوانی ملیارێك وسیٚسەد ملیۆن موسڵمان ؟؟ جاخوازیارم کاك جلال بەم مەبەستە نەینووسیٚ بیٚ یاخود شارەزایی زیاترپەیدابکات ئنجا خۆی لەم بابەتانە هەڵقوورتێنیٚ .

چونکە دینی پەسنکرا ولای خوای گەورە تەنیا ئیسلامە ﴿ان الدين عند الله الاسلام ]19 آل عمران .

وەهەروەها خوای گەورەلەسووڕەتی الصف (7،8،9) فەرموویەتی :

جاکیٚ لەوکەسە ستەمکارترە کەدرۆی بۆ خوا هەڵبەستووە .

کەسانێك دەیانەوێت بەفووی دەم وقەلەمەکانیان نووروروناکی خوا بکوژێننەوە بەلاٚم بیٚ ئاگان کە خوا نووری خۆی وئاینی خۆی کە ئیسلامە تەواودەکات ودەیچەسپێنێت هەرچەندە کافرو بیٚ بڕواکان پێی سەغڵەت بن وپێیان ناخۆش بێت ،هەر ئەو خوایە پێغەمبەرەکەی خۆی رەوانە کردووە هاوڕیٚ لەگەڵ هیدایەت ورێنموویی وئاینی هەق وراستی تا سەری بخات بەسەر هەموو ئاین وبەرنامەکاندا هەرچەندە موشریك وهاوەڵگەران پێیان ناخۆش بێت .

سەرچاوەکان :

قورئانی پیرۆزو

1.پوختەی تەفسیری قورئان .مەلا محمد مەلا صالح .چاپی دووەم 2007.نەشی ئیحسان .
2.هەمان سەرچاوە.
3.تەفسیری ئاسان . بورهان محمد امین .